# تەقەشوف

گۆران محەمەد

چەند مانگێکە باری ئابووری وڵات لەنگ بووە، مووچەی دام و دەزگەکانی حکوومەت دوادەکەوێت، بە دۆلار و بە نرخێکی گران دەدرێت، دەدرێت، نادرێت، خۆ دەزگە حیزبییەکان ئەوە کارمەندەکانی بە مانگی ٦٠ رۆژییش مەمنوونن، ئەگەر هەبێت.

خەڵکی دەڵێن ئێمە چ هەقمان هەیە، کێ حاکمە با ئەو بمانژێنێت، سیاسەتوانانیش دەڵێن ئەمە باجی فیدرالیزمە و ئەمڕۆ دەبێ هەمووومان بیدەین، پێموایە هەردوو بۆچوون راستن، لێ لە سەر ئەوەی هەمووومان بیدەین دواتر کەمێك دەوستم.

کە دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، جولەکەکان لە هەر جێیەك بووبن و هەرچییەکیان هەبووبێ ئامادە بوون لێی خۆش بن، لێ لە دەوڵەتەکەیان خۆش نەبوون و کردیان بەوەی کە هەیە و عەرەب بە هەموو ئەمجادییی رابردوویانەوە لە بەریدا بلەرزن، کوردیش کە لە سەروبەندی ئەگەر دەوڵەتیش نەبێت ئەوە بوون بە شتێك دایە سەرنج بدەن سەرمایەداری کورد چی دەکەن: پارە و خواردەمەنی و بازاڕەکان قۆرخ دەکەن، لە هەوڵی زامنکردنی دوارۆژی موڵك و ماڵەکەیانن، هەرچەندە وەك قەناعەتێکی شەخسیی قەت پێموانەبووە سەرمایەدار شۆڕگێڕ و کوڕی تەنگانە بن، نەك لە بەر شەخسی سەرمایەداران، لێ لە بەر ئەوەی هەر سەرمایە بۆ خۆی خۆپەرست و ترسنۆکە.

جا دێمەوە سەر ئەوەی پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەویش پرسی ئەوەی ئەم دۆخە ناهەموارە باجی ئامانجی سیاسییمانە و دەبێ هەمووومان بیدەین، ئا لەمەیاندا پێناسەی هەمووومان تەنێ خەڵکی رەشورووت و کەمدەرامەت و بێدەرامەتی گرتووەتەوە، چونکە زێدەڕۆیی لە پارەبەفیڕۆدانی هەندێ لە بەرپرسان وەك خۆیەتی، ئێستاش بەرپرسی وا هەیە رۆژانە پارەی بەنزینی ئۆتۆمبیلەکانی هێندەی مووچەی دە فەرمانبەرە کە خوا دەزانێ کەی و چۆن وەریدەگرن، دەعوەت و دەعوەتکاریی، ویسکی سکۆتلەندی، کارەبای چەند سەد ئەمپێریی .... . تد هێشتا بەشێکن لە پێویستییە رۆژانەکانی هەندێك و هەندێکی دیکەش نانی رۆژانەیان لە حوکمی ئەگەر و نەگەردا یە.

جا ئەگەر باجی فیدرالیزمە با هەمووومان بیدەین، ئەگەر نا ئەوە خەڵکن کە باجی ژیانی هاروون رەشیدەکانی کورد دەدەن.

goransalih@hotmail.com

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت